## سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان ،

## مووچەی چەند منالێکی نابینا بەدەست دەهێنێتەوە..!!

ماوەیەک لەمەوبەرو لە ڕێگەی هەندێک لە کەنالەکانی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنیەوە ، هەواڵی چەندین کێشەی جیاجیای منالانمان بلاو کردەوە ، لەوانەش کێشەی برینی مووچەی دوو منالی نابینا بە ناوەکانی" شێروان حەربی و ڕیژان حەربی " لە کەرکوک ، کە دایک و باوکی ئەم دوو منالە بۆ چارەسەری کێشەی منالەکانیان هانایان بۆ سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان هێنابوو ، ئێمە لەسەنتەری منالان لەهەمان کاتدا ئەم هەواڵ و دواکارییەمان خستەبەردەستی هەدروو ئیدارەکەی کوردستان و چەند بەرپرساوێکی ئیداری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ، وێنەیەکیشمان ئاراستەی کوردستانی نوێ کرد ، لە ژمارەی ئەمڕۆ 2005-08-03 ی کوردستانی نوێ و لە لاپەڕە 6 دا لەسەر ئەم کێشەیەو لەسەر ڕاگەیانن و داواکارییەکەی سەنتەری منالان، لەلایەن بەڕێز " سەنگەر ڕەسولْ" ەوە( لە کوردستانی نوێ) بەدواچوونێک کراوەو لە ئەنجامدا، بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی کەمئەندامان خاتوو "ئومێدە محەمەدی" ڕادەگەیەنێ کە کەس و کاری شێروان و ڕیژان بێن و مووچەی منالەکانیان وەرگرنەوە.

بە ناوی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری منالانەوە پیرۆزبایی لە هەردوو منالی ئازیز شێروان وڕیژان دەکەین ، بەبۆنەی بەدەستهێنانی مووچەبڕاوەکەیانەوە ، سەنتەری منالان هەمیشە سەنگەری بەرگریکردنە لە مافەکانی منالان و بەدەستهێنانی داواکانیان.

**بژی خەبات لە پێناوی بەدەست هێنانی مافەکانی منالان**

**سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان**

**شێرزاد فاتح sherzad_f@yahoo.com**

**www.santarimnalan.com/index.kurdish.htm**



کوردستانی نوێ

ساڵی چواردەهەم-ژمارە (٣٧٣٩) چوارشەممە ٢٠٠٥/٨/٣

No: 3739 Wednesday 3/8/2005

داواکاریی و وەڵام

### هاووڵاتیەك: بەهۆی گەڕانەوەیان بۆ كەركوك مووچەی كەمئەندامیێتیان بڕدرا

### بەڕێوەبەری چالاكی كەمئەندامان: مووچەی هیچ كەمئەندامێكمان نەبڕیوە

یەکێك لەکارە مرۆڤایەتییەکانی حکومەتی هەرێم ئەوەیە کەمووچەی بڕیوەتەوە بۆ کەمئەندامان و جێگای دەستخۆشیکردنە، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارو سەرسوڕمانە بڕینی موچەی هەندێك لەنابینایانە، بێبەشکردنیان لەویارمەتییەی حکومەتی هەرێم، باری گوزەرانیان سەختتر دەکات.

شێروان حەربی لەدایکبووی (١٩٩٠)و ڕیژان حەربی لەدایکبووی (١٩٩٣) کەدانیشتووی شاری کەرکوکن، نموونەیەکی ئەو مندالە نابینایانەن کەبڕە پارەیەکی کەم پێیان دەدرا لەژێر ناوی کۆمەڵدا بەبیانووی جیاجیاوە بڕاوەو ماوەیەکە پێیان نادەن.

خاتوو پەروین دایکی شێروان و ڕیژان، دەڵێت: لەسەرەتادا لەکەرکوك بووین لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ڕاگوێزراین بۆ هەولێر-بنەسلاوە، لەلایەن حکومەتی هەرێم ئیدارەی هەولێرەوە بڕێکی کەم مووچەیان بۆ بڕایەوە، کەبڕی (٣٠) هەزار دینار بوو، پاشان بەهۆی گواستنەوەمان بۆ سلێمانی مووچەی



ڕیژان حەربی

منداڵەکانم بڕا، جارێکی تر لەلای حکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی مووچەیان بۆ بڕدراوە بەبڕی (٣٠) هەزار دینار، بەڵام ئێستا بەهۆی گەڕانەوەمان بۆ شاری کەرکوك و سەر زێدی خۆمان، مووچەی هەردوو منداڵەکەمان بڕدراوە، ڕوو لەهەر دەزگایەکیش دەکەین، بۆ پێدانی مووچە بەو دوو مندالە هیچ وەڵامێك وەرناگرینەوە، هەروەها باوکی شێروان و ڕیژان، دەڵێت: منداڵانێکی زۆر هەن کەنابینان و ناتوانن بچن بۆ خوێندنگاو نەشوێنێنێکی تایبەتیان هەیە لەدوای بڕینی ئەو بڕە کەمە پارەیە منداڵەکانی ئێمە هێندەی تر نارەحەت بوون.



شێروان حەربی

دایك و باوکی ئەو دوو منداڵە هانایان بۆ سەنتەری منداڵان هێناوە کەچارەسەرێکیان بۆ بدۆزنەوە ئێمە وەکو ڕێکخراوێکی بەرگریکەر لەمافەکانی منداڵان نامەو داوای تایبەت ئاراستەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر دەکەین لەسەر ئەم کێشەیە بەتایبەتی و لەسەر کێشەی منداڵان بەگشتی و نابیناو کەمئەندامان بەتایبەتی بەرپرسیارەتی خۆیان نیشان بدەن تاوەکو دایك و باوك کاری ڕۆژانەیان باروودۆخ و گوزەرانێکی سەختبەسانایی بکەن، جێگای پشوودان کەبۆ ئەو منداڵانە دروستبووەو خوێندن و یاری تایبەت بۆیان لەبەرچاوبگرن، دەکرێ لەوهەمووئامادەبکرێت، بەهاوکاریی سەروەت و سامانەی کەرۆژانەمامۆستاو پسپۆڕی تایبەت. بەهەدەر دەدرێت و جێگەیەکیش ناگرێت بۆ خەڵکی و هاووڵاتیان، دەبێت ژیانێکی پڕ لەبەختەوەری بۆ نابینایان دابینبکرێت.

ئەرکی حکومەتی هەرێمە کەتەنانەت خانەی تایبەت بۆ بەخێوکردنیان لەڕۆژدا بۆ دابینبکەن،

**شێرزاد فاتح**

Sherzad-f @ Yahoo.com

**سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منداڵان**

بۆ بەدواداچوونی ئەم سکالایە، سەردانی بەڕێوەبەرێتی چالاکی کەمئەندام-مانکرد خاتوو ئومێدە محەمەدی بەڕێوەبەر، لەوەڵامدا پێیوتین: تائێستا بەڕێوەبەرایەتیەکەمان مووچەی هیچ کەمئەندامێکی نەبڕیوە، ئەگەر بڕاشبێت ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ خۆیان کەسەردانی نەکردووین و لەمووچەکەیان نەکۆڵیوەتەوە، تاکاری پێویستی بۆ ئەنجامبدەین.

ئەوانەش لەکەرکوك بوو پێشتر نەماندەتوانی مووچەیان بدەینێ، بەڵام لە ٢٠٠٥/٦/٧ بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران لەو ڕۆژەوە مووچە بۆ ئەوانەی کەرکوکیش سەرفدەکرێت و بۆمان نییە مووچەی هیچ کەمئەندامێك بڕین، بۆ بڕینەوەی مووچە بۆ کەمئەندام مەرجی خۆی هەیەو بەپێی ئەو مەرجانەش بۆ نابینا دەبێت لە ٦٥٪ی کەمئەندامیەکەی کەمتر نەبێت.

باوك و دایکی شێروان و ڕیژانیش دەتوانن سەردانمان بکەن تاوەکو بەپێی ڕێنماییەکان کارئاسانیان بۆ بکەین و مووچەکەیان بدەینێ.

**بەدواداچوونی: سەنگەر ڕەسولْ**